هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

# گەلـ رۆژی
Rojî Gel

ژمارە (٢١٧) یەکشەممە ٥-١٠-٢٠٠٨

## دوای١٢٠رۆژ شەڕی جیهانی بەرپا دەبێ

**بات رۆبەرتسۆن،** گەورە پیاوی ئایینی مەسیحی داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد کە نوێژی ئاشتی بکەن، چونکە لە نێوان ٧٠ تا ١٢٠ رۆژی دیکە، ئیسرائیل پەلاماری ئێران دەدات، بەوهۆیەشەوە سێیەمین شەڕی جیهانی هەڵدەگیرسێ وجیهان بەرەو لەناوچوون دەچێ. رۆبەرتسۆن پێیوایە کە ئەوکاتە رۆژهەڵاتی ناڤین کۆنترۆڵ ناکرێ و رووسیاش بە چەکی ئەتۆمی هێرشی سەر شارەکانی ئەمریکا دەکات.



ل 3 پێداگری لەسەر هێڵی شین دەکرێ!



ل 5 مێژوو کوردستانیبوونی کەرکوک دەسەلمێنێ



ل 6 خۆکوژیی ژنان و چەند هۆکارێکی ئەم دیاردەیە



ل 7 درامای ئارەزوو، کەمهێنانی لە ئارەزووی ژناندا

# لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا کۆنفرانسی کوردستانی بەڕێوە دەچێ

## گەریلاکان ١٥ سەربازی تورک دەکوژرێن

دوێنێ شەممە ٤-١٠-٢٠٠٨ سەرفەرماندەیی سوپای تورکیا لە سەر تۆڕی ئینتەرنێتدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوەو رایگەیاندووە کە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هێرشیان کردۆتە سەر سەربازەکانی تورک، لە ئاکامدا ١٥ سەربازی تورک کوژراون و دووانی دیکەش بێ سەروشوێنن.

ماڵپەڕی سەرفەرماندەیی سوپای تورک بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە شەڕێکدا ٢٣ گەریلای پەکەکە کوژراون، بەڵام تا ئێستا لایەنی بەرانبەر هیچ روونکردنەوەیەکی نەداوەو ئاماژەی بە شەهید بوونی هیچ گەریلایەک نەکردووە، تەنیا کورژرانی ١٥ سەربازی تورک و بەدیل کردنی دووانی دیکەی سەر راست کردۆتەوە.

جێگەی ئاماژەیە ئەم شەڕە دوای رۆژێک بەسەر کۆتایی وادەی ئەو ئاگربڕە تێپەڕ دەبێ کە پەکەکە یەک لایەنە بەبۆنەی جەژنی رەمەزان رایگەندبوو.

ئەم هێرشەی گەریلاکان سەرانی تورکیای دووچاری نیگەرانی کردووە، لەیەکەم کاردانەوەدا رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیران هەڕەشەی کردو عەبدوڵلا گویلی سەرکۆماریش بەڵێنی تۆڵە کردنەوەی بە خەڵکی تورکیا دا. هەر بەوبۆنەیەشەوە وتەبێژی حکومەتی بەغداد داوای لە ئەنکارا کرد کە دان بە خۆی بگرێ و لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان نەکات، بەڵام دوێنێ شەو ماڵپەڕی ئازادیا وەلات بڵاوی کردەوە کە تیپی کۆماندۆی تابوری بازەلێ و تیپی شاخەوانانی جۆلەمێرگی سەر بە سوپای تورک سنووری باشووری کوردستانیان بەزاندووە.

ئازادیا وەلات لە زاری گوندنشینانی ناوچەکە بڵاوی کردۆتەوە کە سەربازانی تورک یەک کیلۆمەتر چونەتە ناو خاکی باشووری کوردستان و دەستیان بە چاندنی مین کردووە، هەروەها هەلیکۆپتەرەکان بە سەر کێوەکانی باشوری کوردستان دەسورێنەوەو گوللە بارانیان دەکەن و بەمەرامی خۆیان هەوڵی دۆزینەوەی دوو سەربازە دیل کراوەکە دەدەن، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە شوێن بزرن و ناشزاندرێ هەر لە نێو خاکی تورکیادان ماونەتەوە یان نا؟؟

## هاتنی نیگرۆپۆنتی نیگەرانی لێدەکەوێتەوە

سەردانی ئەم جارەی **جۆن نیگرۆپۆنتی** جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق، سیاسەتمەدارانی نیگەران کردوە. لەم بارەیەوە بەرپرسێک لە حزبی رزگاریی کوردستان بە هەفتەنامەی **رۆژی گەلی** راگەیاند کە سەردانی ئەم جارەی نیگرۆپۆنتی ئاسایی نیە، لەوانەیە بۆ ئەوەبێ تا گوشار لەسەر کورد بکات و وای لێبکات لەبەرانبەر داواکانی مالکیدا نەرم بنوێنێ، چونکە ئەگەر مالکی لەسەر ئاستی ناوخۆدا بە پشتیوانی ئەمریکا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەوە رێککەوتنی ئاسایشی درێژ خایەن لەگەڵ ئەمریکا مۆر دەکات، بە تایبەتیش کە ئێستا کێشەو ناکۆکی زۆر لە نێوان بەغدادو هەولێردا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە. هەر لەپێوەند بە سەردانی نیگرۆپۆنتی، ئوسامە ئەلنوجەیفی بەرپرس لە لیستی ئەلعێراقیەدا رایگەیاندووە کە نیگرۆپۆنتی بۆ ئەوە هاتووە تا گوشار لەسەر عێراق بکات و رێککەوتنی ئاسایشی لەگەڵ مۆر بکات، بەڵام ئوسامە بەدووری زانیوە کە لەم نزیکانەدا ئەو رێککەوتنە مۆر بکرێ، چونکە هێشتا زۆربەی هێزە سیاسیەکانی عێراق لەسەر ئەو رێککەوتنە هاودەنگ نین.

سەرچاوەیەکی تایبەت لە کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانسی کوردستانی بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە بڕیاروایە لە رۆژانی ١٦، ١٧و ١٨ی ئەم مانگەدا لە شاری هەولێر کۆنفرانسی کوردستانی بەڕێوە بچێ.

سەرچاوەکە جەختی کردەوە کە بەبەشداری و پشتگیری سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنفرانسی 'کوردستان لە جیهانێکی پڕ گۆڕاندا: دیالۆگی ئەکادیمی- سیاسی' دەبەستری، بۆ ئەمە مەبەستەش هێزو رێکخراوە سیاسیەکانی سەرتاسەری کوردستان بانگهێشت کراون و دەبێ لەسەر ئاستی هەر بەرزدا بەشداری تێدا بکەن.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و ئەکادیمی کوردو بیانی، هەروەها کەسایەتی کوردو بیانی بەشداری تێدا دەکەن، تەوەرەکانیشی بریتی دەبن لە:

١- کوردستان لە پێوەندیەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین وجیهانی رۆژئاوادا.
٢- گلۆبالیزم، ئەمڕۆو داهاتووی کوردستان.
٣- سیاسەت و ستراتیژی نەتەوەیی و کوردستانی هاوئاهەنگ.
٤- باشووری کوردستان: خوێندنەوەی سیاسی و ئەکادیمی لە ئەزموونی بنیاتنانی دەوڵەت و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

کۆنفرانسی کوردستانی هەنگاوێکی پیرۆزو خواستی کوردستانیانەو تەکانێکی بەگوڕ بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەدات.

## دوو هەلیکۆپتەری ئەمریکا لە بەغداد بەردەبنەوە

دوێنێ شەممە، ٤-١٠-٢٠٠٨ هێزەکانی ئەمریکا جێگیر لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا کەوتنە خوارەوەی دوو فڕۆکەی هەلیکۆپتەری سەربازی راگەیاند.

دوێنێ شەممە، ٤ی تشرینی یەکەم، سوپای ئەمریکا ئاشکرای کرد کە دوو هەلیکۆپتەری سەربازی لە جۆری بلاک هۆک لە باکووری شاری بەغدادی پێتەختی عێراق لەکاتی نیشتنەوەیاندا کەوتوونەتە خوارەوە، بەوهۆیەشەوە سەربازێکی عێراقی گیانی لەدەست داوە، دوو سەربازی ئەمریکی و دوو سەربازی عێراقیش بە سەختی بریندار بوونە، بەڵام ئاشکرا نەکراوە کە ئایا بە ئاگری گروپە نەیارەکان پێکراون یان بەهۆی کێماسی هونەرییەوە ئەو دوو هەلیکۆپتەرە بەربوونەتەوە.

## ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، رۆژهەڵاتێکی بێ چەکی ئەتۆمی دەخوازێ

دوێنێ شەممە ٤-١٠-٢٠٠٨ کۆنگرەی گشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بڕیارێکدا داوای لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین کرد کە هەرگیز بیر لە موشەکی ئەتۆمی نەکەنەوەو ناوچەکەیان وەک هەرێمێکی بێ چەکی ئەتۆمی بهێڵنەوە، لەو کۆنگرەیەدا ٨٠ وڵات دەنگیان بۆ بڕیارەکەداو ١٣ وڵاتیش بێدەنگیان هەڵبژارد، کە زۆربەیان وڵاتانی عەرەبی بوون و پێیانوابوو کە بە سوکی باسی لێوە کراوەو ناوی ئیسرائیل نەهێنراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو دەنگدانە دوای چەندین رۆژ لە مشتومڕ لەنێوان ئیسرائیل لەلایەک و وڵاتانی ئەورووپاو وڵاتانی عەرەبی لەلایەکی دیکەوە دەنگی بۆ درا، بەڵام ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی ساڵانەی ئاژانسی نێودەوڵەتی زۆرەکی نیەو دەوڵەتان دەتوانن بایەخی پێنەدەن، ئەمەش لەبەرژەوەندی ئیسرائیل دا تەواو دەبێ.

چەندین ساڵە کە وڵاتانی عەرەبی هەوڵ دەدەن تا بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوەو دامەزراندنی چەکی ئەتۆمی لە رۆژهەڵاتی ناڤین قەدەغە بکەن و بۆیان ناکرێ.

## رۆژەڤ

حکومەتی ئەنکارا ماوەی دوو ساڵ زیاترە لەژێر پاساوی لێدان و راونانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دا، بە لێشاو فڕۆکەکانی خۆی رەوانەی ئاسمانی هەرێمی کوردستان دەکات، گوندو ئاواییەکانی کوردستان، بنکەو بارەگای پارتی کرێکارانی کوردستان لە بناری قەندیل بۆردومان دەکات، زیان بە گوندنشینان دەگەیەنێ، خەڵکی سڤیل و لاشەڕ شەهیدو بریندار دەکات، کەچی لایەنە پێوەندداره‌کان زۆر بە خەمساردیەوە لێی دەڕوانن و دەنگی ناڕەزایی لەبەرانبەر ئەو پەلامارو هێرشانەدا بەرز ناکەنەوەو داوا لە ئەنکارا ناکەن کە واز لە دوژمنکاری بهێنێ و چیتر زیان بە خەڵکی هەرێمی کوردستان نەگەیەنێ، بەڵام ئێستا کە لە شەڕێکدا پازدە سەربازی تورک کوژراون و دووانی دیکەش بەدیل گیراون، دەنگی ناڕەزایی بەرز بۆتەوە، هەم کاربەدەستانی ئەنکارا هەڕەشە دەکەن و پیلانی هێرش کردن دادەڕێژن، هەمیش حکومەتی عێراق دڵنەوایی لەگەڵ ئەنکارا دەکات و داوای لێدەکات کە دان بە خۆیا بگرێ و رەوشەکە ئاڵۆزتر نەکات.

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە دەوڵەتی تورک نەک هەر ئامادە نیە دان بە مافی کوردانی باکووری کوردستان دابنێ، بەڵکو رێز لە مافی مرۆڤیش ناگرێ، تەنانەت رێگری لە وڵاتیانی خۆی دەکات کە بەزمانی زگماکی خۆیان بدوێن، ئێستا کە کوردانی باکوور هەڵمەتی خەبات لە پێناو زمانیان دەست پێکردووە، بەرپرسانی تورک هەوڵی دادگەیی کردنی بەڕێوەبەرانی ئەو هەڵمەتە دەدەن، کەچی ئێستا کە لە شەڕێکدا سەربازی تورک دەکوژرێن و گەریلا گیانی خۆیان لەدەست دەدەن، سەرکۆماری تورکیاو سەرۆک وەزیران بۆ خۆیان لێدوان بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن دەدەن و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە دەکەن، ئەمە وەک ئەوەی کە کورد ستەمی لەوان کردبێ و خاکی ئەوانی داگیر کردبێ و نکۆڵی لە مافی نەتەوەیی ئەوان کردبێ!

بێگومان تا ستەمی نەتەوەیی لەسەر کوردی باکووری کوردستان لانەچێ و ماف و ئازادیەکانی کوردستانیان مسۆگەر نەبێ، شەڕو پێکدادان و ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان دەستەڵاتدارانی ئەنکاراو بزاڤی رزگاریخوازی باکووری کوردستان هەر درێژەی دەبێ، هیچ هێزێک ناتوانێ رێگەی خەبات لە پێناو رزگاری و سەربەخۆیی لە نەتەوەیی کورد قەدەغە بکات. بیرمەندان و رێبەرانی جیهانی سەدەیەک لەمەوبەر جەختیان کردۆتەوەو رایانگەیاندووە کە تا ستەم و نابەرابەری بمێنێ، خەبات و تێکۆشانیش بۆ بنبڕکردنی ئەو ستەم و نابەرابەریە درێژەی دەبێ و شێوازی خوێناوی بەخۆیەوە دەبینێ، بەوهۆیەوە ئێمە دڵنیایین کە تا تورک دان بە مافی نەتەوەیی کورد نەنێ، تا کوردی باکوور لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا سەرپشک نەکرێ، شەڕو پێکدادان و تێکهەڵچوون دەمێنێ، هەم سەربازی تورک دەکوژرێن، هەمیش کوردانی نیشتمانپەروەر گیان لەدەست دەدەن و لەپێناو ئازادی نەتەوەکەیاندا گیانبازی زۆرتر دەکەن.

## ئەلزاری زیان لە کورد دەدا

شێخ حارس ئەلزاری رازگری گشتی دەستەی بەناو زانایانی ئایینی لە عێراق لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە رایگەیاندووە کە ئێستا ئیسرائیلیەکان لە هەموو شارەکانی عێراق دا بوونیان هەیە.

ئەلزاری جەختی کردۆتەوە کە پێش رووخانی رژێمی سەدام تەنیا لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەبوو، بەڵام ئێستا لە شارەکانی وەکو بەغداد و بەسرەش هەن، خەڵکی عێراق لەوە ئاگادارە چونکە ئەوان لە نێوان خۆیاندا بە زمانی عیبری قسە دەکەن، زۆرێک لە عێراقیەکانیش تێیان دەگەن.




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com